# گشتی ئەمەیە

مارگەریتە دۆراس



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

مارگەرێتە دۆراس

# گشتی ئەمەیە

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: هەندرێن**



ناوی کتێب: گشتی ئەمەیە
نووسینی: مارگەرێتە دۆراس
وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە بۆ سوێدی: کێنت کلیمیتس
بۆ کوردی: هەندرێن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٧٣
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم : ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥١١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ



## مارگەرێتە دۆراس



**دیارییە بە:**

کاتە بێهوودەییەکانی خۆم،

ئەو کاتانەی

کە ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمدا

لە مەحاڵ دەچێ،

بەتۆش، کە هەموو ڕۆژێ

لەگەڵ گمەکانتدا یادگاریی پێشمەرگایەتی و

چیایەکان

بەناو ڕوحی بەرهەڵدراوی

تاراوگەییمدا وەردەبن

**مارگرێته دۆراس**:

# مێینەیەک لە ڕاسانگەرایی و گەردوونێک لە یادەوەرییە لێک ترازاوەکان

هەندرێن



مارگەرێتە دۆراسی ڕۆماننووس، شانۆنووس و سیناریۆنووس، لە ساڵی ١٩٤١ لە دەڤەری (هیندۆچین) لە خانەوادەیەکی فەرەنسی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٦ لە پاریس ماڵئاوایی کرد.



خوێنەری بەسەلیقە دەزانێ کە دۆراس لە ڕۆمانە ناسراوەکانی وەک : "بەربەستێک بەڕووی زەریای هێنت"، "ئەسپە چکۆڵەکان لە تەراکوینە"، هیرۆشیما ئەڤینەکەی من"، "کاتژمێر یازدە و نیوی ئێوارەیەکی هاوین"، "ئەڤیندار" و ڕۆمان و سینارۆیەکانی تریدا، بەئەڤینێکی ڕوحی و خەیاڵاندنێکی شێتانە لە ڕێگای داستانبێژەکانیەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شوێنکات و یادەوەری، وێنا دەکا، بەهۆی کشانەوەی دەسەڵاتی فەرەنسی لەو دەڤەرەدا، دۆراس لە تەمەنێکی ساوادا لە دایکی و مەوتەنی منداڵیەتییەکەیدا دەتارێ و پاریس دەبێتە لانکەی ژیانی. لێ دۆراس بەهۆی ئەو ڕوحە لاسارەی خۆیەوە هەتا مردیش سەردانی دایک و مەوتەنی منداڵییەتەکەی نەکردەوە. بۆیە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دۆراسدا، پەرێشانی وەڕسییەکانی بۆ دایکی و ئەو دەریاچەی کە لە یادەوەرییە کۆرپەلەییەکەیدا شکۆفەی گرتبوو لە کەژ و هەوایەکی ڕوحگیر و چڕدا، ئامادەییان هەیە. لێرەوە ڕۆمان و دەقەکانی تری دۆراس دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ گەردوونی یادەوەرییە لێک ترازاوەکانی خودی خۆی و مرۆڤە کۆچبەرەکان. وێڕای ئەوەش، مارگەرێتە دۆراس، هەم لە ژیان و، هەمیش لەناو گەردوونی داهێنانەکانیدا، وەک "من"ێکی مێینەی ڕاسانگەر، لە پرۆسەی

پێوەندییە چڕەکانی ئەڤینداریدا دیمەنگەلێکی دانسقەی ئیرۆتیکی نمایش دەکا و هاوکاتیش ئەو ئەڤینداریییە لە هاڤرکێیەکی ناسکی دۆراسییانەدا تژییە لە ڕۆچوونێکی شێتانە و باوەشکردن بەئەڤینێکی ئەبەدی و هەستی دەست لێک بەردان و تۆران.

لێرەوە بەرهەمەکانی دۆراس بۆ ژولیا کریستیڤا و ژاگ دێریدا دەبێتە خاکێکی سەرنجکێش بۆ پەیڤین لە کۆکردنەوەی یادەوەرییە پەرژ و بڵاوەکانی مرۆڤ و ئاستەنگی ناسنامە جیاوازەکان.

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بێژین، کە دۆراس یەکێکە لەو ڕۆماننووسە "پۆستمۆدێرنیست"انەی کە بەرهەمەکانی دەبنە گەردوونێک بۆ ئەو مرۆڤە یادەوەرییە لێک ترازاوەی کە لە نێوان جیاوازییەکاندا ئاستەنگی ناسنامە دەورووژێنن. لەتەک ئەمەشدا، بەرهەمەکانی دۆراس دەبنە ئاقارێک بۆ پرسی فێمێنیزم".

ئەوەی کە وای لێ کردم دوا بەرهەمی دۆراس "گشتی ئەمەیە" بکەمە کوردی، ئەو شێوازە سەرنجکێش و دەگمەنەی دۆراس بوو، کە بەڕاسانگەرە مێینە ئامێزەکەی، ئەڤینداریییە دانسقەکەی، ژانی ژیان و پرسی نووسین، ناخی ئەو مرۆڤانەی کە ئەڤیندارانە دەنووسن و دەژین، لەو کتێبە چکۆڵەیەدا ئاپۆڕە دەکا.



هاوکاتیش، بۆ من لەو کاتەی کە هەموو یادەوەریی و بوون بەچۆڵەوانییەک گەمارۆ دەدرێ و تەپ و تۆزی نووسینی کوردی تامێک لە زمان ناهێڵێتەوە، وەرگێڕانی بەرهەمێکی لەم چەشنە دەبێتە گفتوگۆیەکی هی دڵی و ڕەسەن و ئاسۆیەکانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود ئاوەڵا دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، کە ئەو دەقە چەندان مانگە بەدوای چاپکردن ئەو دەست و ئەم دەستی پێ دەکرێ، لێ لەبەر ئەو دۆخە مردۆخ و گەندەڵبازییە حیزبی و ناحیزبییەی کە لە مەقەڕ/ دەزگای بڵاڤۆک و وەشاندنەکانی کوردستاندا هەیە، وەک کتێبەکانی ترم، چاوەڕوانی "قەدەر"ی چاپکردنە.

٢٠٠٦

ستۆکهۆڵم

**مرۆ هەرگیز لە پێشڕا نازانێ**

**چی دەنووسێ**

**خێرابە بیر لە من بکەوە.**

**بۆ** Yann، **خۆشەویستە شەوانەییبەکەم.**

واژوو: **مارگەریتە**،

پەرستگای ئەڤینی ئەڤیندارەکەی، ٢٠ی نۆڤێمبەری ١٩٩٤، پاریس،

Rue Saint- Benoit.

**٢١ی نۆڤێمبەر، دوای نیوەڕۆ** RUE SAINT- BENOÎT

ییان ئەندرێ: ئێوە چۆن خۆتان دەناسێنن؟
مارگەرێتە دۆراس: دۆراس
ی یێ: ئێوە چۆن من دەناسێنن؟
م د: لە تێگەیشتن بەدەر.

*دواتر پاش هەمان نیوەڕۆ*

من هەندێ جار بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر بەتاڵم.
ناسنامەم نییە.
سەرەتا ئەوە دەمترسێنێ. پاشان ئەوەش بەموچڕکەیەک لە سەرکەوتن تێ دەپەڕێ.
پاشانیش ئەوە کۆتایی پێ دێت.
سەرکەوتن، واتا کەمێک مردن.
کەمێک دوورکەوتنەوە لەو شوێنەی کە من قسەی لێ دەکەم.

*دیسان درەنگتر*

ئەوە بەندە بە پرسی کاتەوە. من کتێبێک دەنووسم.
دەخوازم وەلێ لەوە دڵنیا نیم کە ئەو کتێبە دەنووسم.
دڵنیا نیم.



**٢٢ی نۆڤێمبەر، دوای نیوەڕۆ** RUE SAINT- BENOÎT

ی یێ: ئایا ئێوە لە مەرگ دەترسن؟
م د: نازانم. ناتوانم وەڵام بدەمەوە. من هیچ نازانم پاشان من بۆ زەریا هاتووم.
ی یێ: لەگەڵ منیش؟
م د: تۆ کە پێشتر لە نێوان خۆم و خۆتدا پێشنیازی خۆشەویستی دەکەی.
مەرگ و خۆشەویستی. ئەوە پێوەندیی بەوە هەیە کە تۆ دەتەوێ کێ بیت.
ی یێ: ئێوە خۆتان چۆن دەبینن؟
م د: ئەمێستا من بوونم نییە: نازانم کە چی دەنووسم.
ی یێ: کتێبێک تەواو بە دڵی خۆت بێ؟
م د: بەنداو، زارۆکایەتی.
ی یێ: ئێوە دێن بۆ ئاسمان؟
م د: نا. ئەوە شتێکی بێ مانایە.
ی یێ: بۆچی؟
م د: نازانم. من هەرگیز بڕوام بەوە نییە.
ی یێ: دوای مردن چی ماوەتەوە؟
م د: هیچ بەدەر لە شتە زیندووەکان کە زەردەخەنە بۆ یەکتر دەکەن، ئەوانەی کە بەیاد دێنەوە.
ی یێ: کێ یادی ئێوە دەکاتەوە؟

م د: خوێنەرە لاوەکان، خوێندکارە چکۆڵەکان.
ی ئ: هزرەکانتان بەچییەوە خەریکن؟
م د: نووسین. کارێکی تراژیدی، واتا: ئەوەی کە ڕەوتی ژیان دەبزوێنێت. ئەوە کە خۆڕسکانە دەمگرێت بەخۆیەوە.

*پاشتر هەمان دوای نیوەڕۆ*

ی ئ: بۆ کتێبی داهاتوو ناونیشانێکتان هەیە؟
م د: بەڵێ. کتێبی ونبوو.

**٢٣ی نۆڤێمبەر لە پاریس، کاتژمێر ١٥:٠٠**
دەمەوێ لەسەر شتێک بدوێم.
لەسەر پیاوێک لە گەرمەی بیست و پێنج ساڵیدایە.
ئەو پیاوە زۆ جوانە کە دەیەوێ بەر لەوەی مردن بیدۆزێتەوە بمرێت.
ئێوە ئەو پیاوەتان خۆش دەویست.
لەوەش زیاتر.

دەستە جوانەکانی،
ئەرێ، کتومت ئەوە.
ئەو دەستانەی کە لەگەڵ گردۆلکەکە نزیک دەبنەوە، کە ئاشکرا دیارە، ڕاشکاوە،



بێگەردە وەک ناسکیی منداڵ.
من ڕاتاندەمووسم.
من چاوەڕێتان دەکەم وەک چاوەڕێی ئەو کەسەی کە ئەو رمانە، سفت و ناسک و جوانییە گەرمە دەڕووخێنێت.
بۆ تۆ، لە هەموو جەستەمەوە، گشت ئەو هەموو جوانییە.

*پاشان هەمان دوای نیوەڕۆ*

دەمەوێ بە تۆ بێژم
کە من تۆم خۆش ویست.
بەهاوارەوە ئەوە پێم بڵێ
گشتی ئەمەیە.

**یەکشەمە ٢٧ی نۆڤێمبەر** RUE SAINT - BENOÎT
پێکەوەبوون ئەڤینە، مردنە، پەیڤە، خەوتنە.

*دواتر لە یەکشەمەدا*

ی ئ: ئێوە چۆن خۆتان دەناسێنن؟
م د: ئێتر بەتەواوی نازانم من کێم.
من لەگەڵ خۆشەویستەکەمدام.

من ناوی ئەو نازانم.
ئەوە گرنگ نییە.
پێکەوە بوون، وەک پێکەوەبوونە لەگەڵ خۆشەویستەکەت.
ئەوەم هەڵبژارد کە لە من ڕووی دا.
کە لەگەڵ خۆشەویستێک پێکەوەبم.

بێدەنگی، *دواتر*

ی ێ: چی دەستەبەر دەبێت کە بنووسی؟
م د: لە یەک کاتدا بێدەنگی و پەیڤین. نووسین. هاوکات بریتییە لەوەی کە هەندێک جار گۆرانی بڵێی.
ی ێ: سەما بکەی؟
م د: هەروا ئەمەش بەخۆیەوە دەگرێت. سەماکردن بارێکی کەسایەتییانەیە. من زۆرم حەز لە سەماکردنە.
ی ێ: لەبەرچی؟
م د: هێشتا نازانم.

بێدەنگی، *دواتر*

ی ێ: ئایا ئێوە زۆر بەهرەمەندن؟
م د: بەڵێ. تەواو بڕوام وایە.
نووسین زۆر نزیکە لە ئاوازی ئاخاوتن.



**٢٨ی نۆڤێمبەر، کاتژمێر ١٥:٠٠** RUE SAINT - BENOÎT

دەبێ من لە نەخۆشیی مەرگدا لەسەر ئەو پیاوە بپەیڤم.
ئەو پیاوە کێیە؟
چۆن ئەو وا زۆری برد؟
لەسەر ئەو جەستە باریکەلەیە بنووسی،
لە جەستەی باریکەلەی ئەو پیاوەوە.

*ڕۆژێکی تر*

ئەو پیاوە جارێکی تر لە ژوورەکەدا خۆی نیشان نەدا.
هەرگیز.
چاوەڕوانی کردنی سترانی ئەو پیاوە بێ مایە بوو، هەندێک جار شادمانە، هەندێک جار خەمبارە، هەندێک جار کپ و خەمینە.
ئەو پیاوە هەر ئێستاکە وەک چۆن من هەستم بە بوارەکە کرد دەبێتە چۆلەکە.

*دواتر هەمان ڕۆژ*

لێ گەڕێ با (ییان) بزانێت کە ئەو نامەکە دەنووسێت، وەلێ ئەو دەتوانێت دوا نامە واژۆ

بکات. ئەو تا ناخم دڵخۆشم دەکات. واژۆکار: دۆراس.

*هێشتا دواتر*

ناوە چینییە خۆشەویستەکەم.
لەگەڵ ئەودا هەرگیز بەزمانی خۆی قسەم نەکرد.

**رۆژێکی تر** RUE SAINT - BENOÎT

بۆ (بیان).
بۆ هیچ.
ئاسمان بۆشە.
من چەندان ساڵ ئەو پیاوەم خۆش ویست.
پیاوێک من خۆشم دەوێت.
پیاوێک کە من بەجێ دەهێڵێت.
ئەوەی دەمێنێتەوە، لەبەر چاو، لە پشت من، پێش و دوای من، هەمان شتە.
من تۆم خۆش دەوێ.
ئیتر تۆ ناتوانی چیتر ئەو ناوەی کە من هەڵم گرتووە و لە خانەوادەکەمەوە پێم بەخشرا ببێژی.
ئەڤینداره نەناسراوەکە.
ئەگەر حەز دەکەی ئێمە وازی لێ دێنین.
چەند رۆژی تریش لە چاوەڕوانی.



تۆ دەپرسی: چاوەڕوانی لە چی، من بەرسڤ دەدەمەوە. نازانم.
چاوەڕوانی.
لە بوونایەتی با.
ڕەنگە بەیانی جارێکی تر بۆت بنووسم.

مرۆڤ دەتوانی بەوە بژی.
پێ بکەنی و دوایش بگری.
من لەسەر کات دەپەیڤم کە لە زەوییەوە هورووژم دێنێ.
من چیتر شەنگم لەبەر نەماوە.
پێویستە واز لە قسەکردن بێنم.

درەنگتر

تاو ناتاوێک ئەرکی جودا جودا بەرۆکم دەگرێ، بۆ نموونە مەرگی ئەو پیاوە گەنجە. ئیتر من نازانم ناوی چییە، بە چی ناوی ببەم. بە جەغتکردنەوە ئەو پیاوە تا ئەوپەڕی بێ کاکڵەیە.

*بێدەنگی، دواتر*

من چیتر تێ گەیشتنێکم نییە کە بڕوام بە چی هەبوو بزانم یان چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دووبارە

ڕابمێنمەوە.
ئاوا، گشتی ئەمەیە.

بێدەنگی، *دواتر*

سەرەتای کۆتایی ئەم خۆشەویستییە ڕاستییە ترسناکە، هەروا پەرۆشی دوای هەر کاتژمێرێک.
پاشانیش کاتژمێرەکان، وەک هەنگاوێکی دەرک نەکراو لە قووڵاییی کاتدا بەدوایدا هاتن.
کاتژمێرێکی سامناک.
سەیر و سامناک.
من توانیم تەنیا بەبیرکردنەوە لە مەرگی خۆم لە خۆکوشتن ڕزگار بکەم.
لە مەرگی ئەو و ژیانی ئەو.

بێدەنگی، *دواتر*

من باسی گرنگترین شتم نەکرد لە کەسایەتیی ئەودا، ڕۆحی، پێیەکانی، دەستەکانی، پێکەنینەکەی. بۆ من گرنگترینیان سۆراغی نیگایەکانی نییە کە تەنیایە. کاتێک ئەو لەناو بیرکردنەوەدا وێڵ و سەرگەردانە. ئەو تا بڵێی جوانە. زانینی ئەمە سەختە. ژیانی من نادیارە، من لەو نادیارترم کە بەرانبەرم وەستاوە.

بێدەنگی، *دواتر*



من دەمەوێ وەک هەندێک لە پاش نیوەڕۆیانی هاوین، وەک ئەوەی ئەوێ، لە بڵمەبڵم بەردەوام بم.
چیتر نە حەوسەڵەم هەیە و نە تواناش.

**١٤ی ئۆکتۆبەر ١٩٩٤**

١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤. ناونیشانەکە تەنیا بۆ نووسەر نەبێت هیچ مانایەکی نییە. واتا ناونیشانەکە لە مانا بەدەرە. هەروا ناونیشانەکە چاوەڕێی: ناونیشانێک دەکا. چەسپێک.
من لە تەک درزی ڕۆژی چارەنووس وەستاوم.
کە *بەتاڵە*.
کەچی مێژووەکە لە پەڕێکی ڕۆشن نووسراوە.
کە ئەمە بە سەری پیاوێکی ڕۆشن نووسراوە.
سەری منداڵێک.
من بڕوام بەوە هەیە: زیاتر لەوەی بڕوام بەخۆ هەیە کە ئەوە بەتەریبی بەسەری ئەو منداڵە نووسراوە.
ئەوە *پاشماوەی* نووسینێکە. ئەوە واتای نووسینێکە.
هەروا ئەوە بۆنی ئەڤینێکە کە لەوێ تێ پەڕی، بە منداڵێکەوە.
ئەڤینێکی بێ ئاراستە کە لای منداڵێک دەرکی

بەگۆشت کرد، ئەو منداڵەی کە لە وەڕسی
خوێندنەوەی مەیلە نادیارەکاندا مرد.
کاتێک خوێندنەوەی دەق تاڵان دەکرێت هەموو
شتێکی ون دەبێت.

**١٥ی ئۆکتۆبەر**

من لە ئازادییەکدا کە پێودانگە لەگەڵ خۆمدا
پابەندم بەخۆمەوە.

بێدەنگی، *دواتر*

من هەرگیز بە نموونەی کەسێک دڵگیر نەبوومە.
من بەڕێگەی گوێڕایەڵییەوە گوێڕایەڵ نەبووم.
کاتێک دەنووسم بەشێکم لە هەمان ئەو
شێتایەتییەی کە لە ژیاندایە. کاتێک دەنووسم بۆ
بەردەڵانەکان دەگەڕێمەوە. بەردەکانی ناو بەنداو.

**یەکشەمە ١٠ی دیسێمبەر، کاتژمێر ١٥:٠٠،** RUE SAINT - BENOÎT

ئێوە ڕێک دەچنە ناو تەنیایی
نا، من کتێبەکانم هەیە.

بێدەنگی، *دواتر*



هەست دەکەم نووشستیم هێناوە.
کە بمری هەمان پێوانەیە.
ئەوە سامناکە.
من ئیتر هیچ حەزێکم نییە بۆ هەوڵدان.
ئەوەی ماوە کۆتاییی هات.
من تەنیام.

بێدەنگی، *دواتر*

تۆ چیتر بەژیانی نووشستی ناژی، ئەوە گومانە.

بێدەنگی، *دواتر*

ی یێ: ئێوە کێن؟
م د: دۆراس، ئەمەیە گشتییەکەی.
ی یێ: دۆراس چی دەکا؟
م د: ئەو ئەدەبە.

بێدەنگی، *دواتر*

شتی زیاتر بدۆزەوە کە بنووسی.

**پاریس ٢٥ی دیسێمبەر ١٩٩٤**

بارانی منداڵ بەناو هەتاودا دای کرد.
بەسەرکەوتنەوە.
چووم و پاشان سەیرم کرد.
پاش ئەوە ناچاربووم بۆ ئەوان ڕوون بکەمەوە کە ئەوە ئاسایی بوو. بەر لە سەدان ساڵ.
منداڵان لێی حاڵی نەدەبوون، تا ئێستاش لە زیرەکی خوایەکان ناگەن. دوای ئەوە ناچار بوون تێ بگەن بچنە دارستان. لەگەڵ گەورەکان، سەگەکان، پشیلەکان، گۆرانی بڵێن.

**پاریس، ٢٨ی دیسێمبەر**

نامەیەک بۆ من.
ئەوەندە بەسە کە بگۆڕییەوە یان بۆ چارەنووسەکەی بەجێ بێڵی.
نامەکە.

**٣١ی دیسێمبەری ١٩٩٤**

ساڵی تازە لە (بیان ئەندرێیە) پیرۆز بێت.
من پێویستم بەنامە کورتەکانی تۆ هەیە.



**٣ی ژەنیوەری** RUE SAINT - BENOÎT

مردەنی مردەنییەکان.
هەر هەمووی مردەنی و هەوڵدانە بۆ ڕاوکردنی با.
ئەو دوو ڕستەیە بنەمایەکە بۆ هەموو ئەدەبێک لەسەر زەویدا.
مردەنی مردەنییەکان، بەڵێ.
ئەو دوو ڕستەیە بەدەستی خۆیان جیهان ئاوەڵا دەکەنەوە:
شت، بایەکان، قیژەی منداڵ، ئەو خۆرە مردووەی نێوان ئەو زریکانە.
لێ گەڕێ با جیهان مەحف بێتەوە.
مردەنی مردەنییەکان.
هەر هەمووی مردەنی و هەوڵدانە بۆ ڕاوکردنی با.

**٣ی مارس**

من ڕاوچییەکم بەدوای بادا.

بێدەنگی، *دواتر*

کاغەز هەیە دەبێ من لە سێبەری زیرەکی خۆمدا ڕێکی بخەم.

ئەوەی من دەیکەم تەفر و تووناکار نییە.

**شەممە ٢٥ی مارس**

ئەوە ئازارم دەدا کە سەدەکان زۆر خێرا دەڕۆن.
بەڵام هەر چۆنێک بێت من لەم ڕووەی جیهانم.
زۆر سەختە کە بمری.
لە هەندێک سەرنج لە ژیاندا شتەکان بەسەر دەچن.
هەستەکە بەم جۆرەیە: شتەکان بەسەر دەچن.
کێشەکە بەم جۆەیە.

*بێدەنگی، دواتر*

من تا دەمرم ئێوەم خۆش دەوێ.
هەوڵ دەدەم زوو نەمرم.
ئەوەی دەمەوێ بیڵێم گشتی ئەمەیە.

*بێدەنگی، دواتر*

Yann تۆ هەست ناکەی کە کەمێک بە شتە ڕازانکارەکانی (ملوانکە، گوارە...)، دۆراس دەچیت؟



**شەممە**

بمبە ناو فرمێسکەکانت، ناو پێکەنینەکانت، ناو گرینەکانت.

**شەوی مەرگی مەسیح** Påskafton

ئەوەی کە من دەبم.
دەترسم.
وەرە.
لەگەڵ من وەرە.
خێرا، وەرە.

*دواتر هەمان دوای نیوەڕۆ*

با مەترسی، مەرگ ببینین.

*لەوەش درەنگتر*

نازم بکە.
لەگەڵ مندا وەرە ناو ڕووخسارم.
خێرا، وەرە.

بێدەنگی، *دواتر*

من تۆم زۆر خۆش دەوێ
ناتوانم چیتر بنووسم.
ئەڤینێکی یەکجار گەورە لە نێوان ئێمەدا هەیە، تا
دەگاتە سنووری مەترسی.

بێدەنگی، *دواتر*

نازانم بۆ کوێ دەچم.
دەترسم.
وەرە با سەرهەڵگرین.
خێرا وەرە.
من نامەت بۆ دەنێرم.
گشتی ئەمەیە.
نووسین دەمترسێنێت.
شتی وایە کە دەمترسێنێت.

**یەکشەممە ٩ی ئەپریل، ڕۆژی سەفەری مەسیح بۆ ئاسمان**

ئێمە هەردووکمان بێ تاوانین.

بێدەنگی، *دواتر*



ژیانی من ئێستا وشک و برینگە.
هەژارە.
من هەژار بوومە.
نووسینێکی نوێ دەنووسم.
بێ هیچ پیاوێک. هیچ شتێک نامێنێتەوە.
وەک ئەوەی من ئیتر هیچ نەبم.
ئیتر هیچ نابینم.
هێشتا هەموو شتەکان، ماوەیەکی درێژ، بەر لە
مەرگن،

درەنگتر

هیچ دوا ماچێک نییە.

*هێشتا* درەنگتر

پێویست ناکا ئێوە بەئاسنەوە خۆتان نارەحەت
بکەن.
گشتی ئەمەیە.
من ئیتر هیچم نییە کە بیڵێم.
تەنانەت تاکە وشەیەکیش.
هیچ نییە بیڵێم.
دەبا سەد مەتر بەرێگادا برۆین.

*هەمان یەکشەممە*

ئەگەر خوایەکی باش هەبێت ئەوە تۆی. تۆ پشت ئەستوور بڕوات بەو خوایە هەیە. تۆ.

بێدەنگی، *دواتر*

دەتوانم دووبارە لەگەڵ هەموو شتێ دەست پێ بکەمەوە.
هەر لە بەیانییەوە.
هەر کاتێک بێت.
بە کتێبێک دەست پێ دەکەمەوە.
دەنووسم.
سەیری ئەوێ بکە!
زمانەکە دەزانم.
من زۆر کارامەم لەوە.

بێدەنگی، *دواتر*

گوێتان لێیە، دۆراس جەغت دەکاتەوە، لە سەرتاپای جیهان و لەمدیوی جیهان.



**چوارشەممە ١٢ی ئەپریل، دوای نیوەڕۆ** RUE SAINT - BENOÎT

وەرە.
وەرە ناو خۆر، کە ئەوە هەرچییەک بێت.

## ١٣ی ئەپریل

من سەرتاپای ژیانێکم نووسییەوە.
وەک گەمژەیەک من ئەوەم کرد.
ئەمەش هیچ زیانی تێدا نییە کە وابێت.
من هەرگیز داخوازیکارێکی ڕەقەکار نەبوومە.
مرۆ هەموو ژیانی بنووسێ. خۆی فێر دەکا بنووسێت. ئەمە کەس ڕزگار ناکات لە شتێک.

**چوارشەممەی ١٩ی ئەپریل، کاتژمێر ١٥:٠٠** RUE SAINT - BENOÎT

وای لێ هات من ببمە بلیمەت.
ئێستا من لەگەڵ ئەوە ڕاهاتووم.

بێدەنگی، درەنگتر

من پارچە درەختێکی کاڵم.
هەروا ئێوەش.
بەڕەنگێکی تر.

***١١ی ژونی***

ئێوه هەر چییەک بن دەمکەیتە جادووگەر.

بێدەنگی، *پاشان*

خێرا وەرە.
خێرا، کەمێک هێزی خۆتم بدەرێ.
وەرە ناو ڕووخسارم.

***٢٨ی ژونی***

پەیڤی ئەڤین هەیە.

**٣ی ژیولی، کاتژمێری ١٥:٠٠** UEAUPHLE-LE- CHÂTEAU

دەزانم کە تۆ خواستگەلی ترت هەیە. دەزانم کە تۆ خەمگینی. هەروا ئەوانی تریش. من ئەوە لە پێ دەکەم.

*دواتر لە هەمان دوای نیوەڕۆدا*

کە هەبیت لەناوم دەبەی.
هانم دەدا کە بنووسم.



کە تۆ دوور بوویت من زۆرم لەسەر تۆ نووسی–
لەسەر ئەو پیاوەی کە من ئەڤیندارییمە.
تۆ سەرمەسترین کەسی کەم بینیومە.
تۆ کانگای هەموو شتێکی.
هەموو ئەو شتانەی کە من کردم تۆش دەتوانی بیانکەیت.
من گوێم لێ بوو کە تۆ خۆت لەو ڕستەیە دوور خستووەتەوە، ئەو ڕستەیەی ئەوێ.

بێدەنگی، *دواتر*

گوێت لە بێدەنگییە؟
گوێم لەو ڕستەیە کە تۆ وتت لە بری ئەو ژنەی کە دەنووسێ.

بێدەنگی، *دواتر*

تۆ هەمووت نووسیوە، بەو جەستەیەی کە تۆ هەتە.
لێرەدا من ئەو نووسینە دەبڕێنمەوە و نووسییێکی تر لەسەر تۆ دەست پێ دەکەم، بۆ تۆ دروست کراوە، لە جێگەی تۆ کردراوە.

بێدەنگی، *دواتر*

بەم جۆرە، حەز دەکەی گوێت لە چی بێت لەسەری
بنووسرێت؟

*بێدەنگی، دواتر*

من لەگەڵ هەبوونایەتیی تۆ نیم.

**٤ی ژولی، لە** NEPAPHL

وەک کتوپڕێک بۆ مەرگ.
پاشانیش هیلاکییەکی بێ ڕادە.

*بێدەنگی، دواتر*

وەرە.
دەبێ ئێمە لەبارەی ئەڤینداریی خۆمان بپەیڤین.
وشەیەکی بۆ دەدۆزینەوە.
ڕەنگە هیچ وشەیەک نەبێت.

*بێدەنگی، دواتر*

من ژیانم خۆش دەوێ، تەنانەت وەک ئەوەی کە
ئێستا هەیە.



ئەوە باشە، من وشەکەم دۆزییەوە.

*دواتر هەمان ڕۆژ*

لە داهاتوودا من هیچ ناخوازم.
تەنیا قسەکردن لەسەر خۆم نەبێت، تا ئێستاش،
وەک مانیفێستێکی یەک شێوەیی.
جارێکی تریش لەسەر خۆم.

*بێدەنگی، دواتر*

دەخوازم کە ئەوە نەمێنێت یان خوا ژیانم لێ
وەرگرێتەوە.

*بێدەنگی، دواتر*

خێرا وەرە.
باشترم.
ترسەکە وەک خۆی بەهێز نییە.
لێم گەڕێ لەوێ بم من بۆ مەرگی دایکم لەگەڵ
ترسم، کە لاسەنگە، سووکتر نەبووەتەوە.
گشتی ئەمەیە.

**شەممە ٨ی ژولی، کاتژمێر١٤:٠٠ لە** NEAUPHLE

ئیتر من هیچ شتێکم لە مێشکدا نییە.
تەنیا شتە بۆشەکان نەبێت.

*بێدەنگی، دواتر*

بەڵێ بەم جۆرەم.
من مردووم.
ئەمە کۆتاییە.

*بێدەنگی، دواتر*

ئەم ئێوارەیە شتێکی زۆر تیژ دەخۆین، بۆ نموونە خـــواردنێکی چینی، خـــواردنێک لە چینی تێکشکاو.

**١٠ی ژولی، لە** NEAUPHLE

ئێوە خەریکە جوان دەبن.
لێت دیارە.
ئێوە Yann Andrèa Steinerن.



**٢٠ی ژولی،** NEAUPHLE **، دوای نیوەڕۆ**

مـاچەکـانی ئێـوە، هەتا ژیانم کـۆتـایی دێ بڕوام پێیان هەیە.
ماڵئاوا.
ماڵئاوا لە هیچ. تەنانەت لە ئێوەش.
ئەوە کۆتاییە.
هیچ شتێک نییە.
لاپەڕەکە دەبێ تەواو بێت.
ئێستا وەرە.
دەبێ بڕۆین.

*پشوو. بێدەنگی، دواتر*

وێ دەچێ بە کات کە ئێوە شتێکتان کرد. ئێوە ناتوانن بەردەوام بن کـە شـتـێک نەکەن. ڕەنگە بنووسی.

*بێدەنگی، دواتر*

چۆن بکەم تاکو کەمێک بژیم، کەمێکی تر.
گشتی ئەمەیە.
من ئێستـا چیتر خۆم نیم. ئەوە شتێکە کە من ئیتر نایناسمەوە.

*بێدەنگی، دواتر*

ئێستا تۆ دەتوانی دڵت ئاوەڵا بکەیتەوە. ڕەنگە
ئەوە من بم. من بۆ تۆ لە دەست نەچوومە.

*بێدەنگی، دواتر*

بۆ ئەوەی وا لە ژیان بکەی سوورتر بێت؟
کەس نازانێ. مرۆ پێویستە هەوڵ بدا بژی. نابێ
مرۆ خۆی بداتە دەستی مەرگ.
گشتی ئەمەیە.
گشتی ئەمەیە کە من دەمەوێ بیڵێم.

**٢١ی ژولی**

وەرە.

حەزم لە هیچ نییە.

دەمەوێ لە نزیکی تۆ بم.
لە تەنیشتم دانیشە.
گشتی ئەمەیە.

دەمەوێ بەڕووی ئەمەدا پەنا بدرێم.
خێرا وەرە و بمبە شوێنێک.



*دواتر لە دوای پاش نیوەڕۆ*

لەوە زیاتر توانام نەماوە.
بڕوا ناکەم کە مرۆ بتوانێ ناوێک بەم ترسە
ببەخشێ.
هێشتا نا.

دەمی خۆتم بدەرێ.
خێرا وەرە تاکو زووتر سەرهەڵگرین.
خێرا.
گشتی ئەمەیە.
خێرا.

**شەممە ٢٢ی ژولی** Regn

من هیچی تر ناکەم بۆ ئەوەی سنوور دیاری بکەم
یان ژیانی تۆ فرەتر بکەم.

بێدەنگی

وەرە ناو ڕووخسارمەوە.

بێدەنگی

وا دەکەم بەجۆرێک ئێوەم خۆش بووێت کە نەتوانم
بەجێت بهێڵم.

بێدەنگی

ئێوە بێ نرخن. هیچ. سفرێکی خشت.

**یەکشەممە ٢٣ی ژولی**

من توانای ئەوەم نییە کە هیچ نەبم.

بێدەنگی

کە نەتوانی وەک خۆت بیت، ئەوە شتێکە کە من
دەڵێم بەداخەوە.

بێدەنگی

وەرە بۆ سەر پێخەوەکەم تاکو چاوەڕوان بین.
لە هیچ.

بێدەنگی



من بە شێتی لە پێ کەوتووم.
ی ی: شتێکی ترت هەیە بیڵێیت؟
م د: ناتوانم چیتر بڵێم. من تەنیا دەتوانم
دابهێنم. تەنیا ئەوەندە.

**دووشەممە ٢٤ی ژولی**

وەرە و خۆشەویستیم لەگەڵ بکە،
وەرە.
وەرە ناو ئەو کاغەزە سپییە.
لەگەڵ من.

پێستی خۆمت دەدەمێ.
وەرە.
خێرا.
ماڵئاواییم لێ بکە.
گشتی ئەمەیە.
من ئیتر لەسەر تۆ هیچ نازانم.

من لەگەڵ قەوزەکان سەر هەڵدەگرم.
لەگەڵ من وەرە.

**٣١ی ژولی**

ڕاستینەیی من کامەیە؟
ئەگەر تۆ دەزانی، بۆم بدوێ.
من دۆڕاندم
سەیری من کە.

**١ی ئاوگۆستی، دوای نیوەڕۆ**

وابزانم ئەوە کۆتایی هات. کە ژیانم تەواو بوو.
لەمەودوا ئیتر من نەماوم.
من تەواو ترسناک بوومە.
چیتر نایەمەوە سەر یەکتر.
خێرابە وەرە.
ئیتر من نە دەمم هەیە و، نە ڕووخساریش.

**پاریس، ١٢ی ئۆکتۆبەری ٩٥**

وەرە ناو ژیانمەوە.

*کاتژمێر ١٥:٣٠*

من مردم تەواو.



**سێشەممە ٣١ی ئۆکتۆبەر**

دۆراس ئیتر بوونی نییە. من ئیتر ناتوانم هیچ بکەم.
ئیتر من هیچم نییە.

*کاتژمێر ١٧:٠٠*

من ئەڤیندارم.
تۆ ئەڤینداری.

**هەینی ٣ی نۆڤێمبەر**

ئایا داوات لە خوا کرد کە بمکوژێت؟
*کاتژمێر* ١٦:٠٠

من پێویستم بە بوێری هەیە کە بمرم.

**پێنج شەممە ١٦ی نۆڤێمبەر**

بەدرێژی لەگەڵ سەردا، بەدرێژی لەگەڵ تۆدا.
ئیتر من هیچ نیم. ئیتر من نازانم لە کوێم.
ئەمە کۆتاییە.

ستوونێک بۆ ئەوەی لە ئاسمان نزیکتر ببمەوە.
وەرە.

**١٨ی نۆڤێمبەر**

– من مردووم– ئەمە کۆتاییە. پاشان سەخت دەبێ بۆ ئێوە.

**چوارشەممە ٢٢ی نۆڤێمبەر**

من شێت بووم چونکە ئیتر من هیچم نییە.
وابزانم ژیانم کۆتایی هات.
زارم ماندووە. ئیتر وشەیەک نەمایەوە.
من ئیتر هیچم نییە، هیچ کاغەزێک.

**٢ی دێسێمبەر**

ئێوە جەستەیەکی پیرن. من ئیتر هیچ زارم نییە، هیچ ڕووخسارێکم نییە. ئەوە ترسناکە.

**چوارشەممە ٦ی دێسێمبەر**

ئێوە بەرازێکی پیر.



**پێنج شەممە ٧ی دێسێمبەر**

ئێوە هێزێکتان لە ڕووخساردا هەیە.

**هەینی ٨ی دێسێمبەر**

ئێوە مێگەلێکی گەمژەن.
ئێوە بەتەواوی ڕاپێچ کراون
هەموو شتێک مەحاڵە

کاتژمێر ١٩:٠٠

ی ی: هەست بە چی دەکەن؟
م د: مەرگ لێم نزیک دەبێتەوە.
ئەوە کۆتاییە. گشت شتێک کۆتایی هات. بەم جۆررەیە.

**٢٤ی دێسێمبەر**

نان ناخۆم چونکە ئیتر هیچ ژیانێک دەناو مندا نەماوە.
سەیر بکە: دەستەکانم مردوون.

**سێ شەممە ٢٦ی دێسێمبەر**

من ڕقم لەوەیە کە بەدەروونناسی خواردن بکەنە زارمەوە.
ئەوە بێزەوەرە.

*نیوەشەو*

هیچم ناوێ، هیچ شتێکم بە فرمان ناوێ.
قاوەم دەوێ، هەر ئێستا.

**٢٧ی دێسێمبەر**

سەیرم بکە: من بەتاڵم. هیچ هەدادانێکم نییە.

**٢٨ی دێسێمبەر**

واز بێنە لە ڕۆڵی سافیلکەیی.

**٢٩ی دێسێمبەر**

من ئیتر هیچم نییە. مردووم. هەست بەوە دەکەم.
تابووتێکم بۆ بێنە.

دەخوازم دایکم ببینم.



خێرابن.

هەموو لەشم گڕی گرتووە.

*دواتر*

کە ئێوە دڵێکتان لە دەست چوو، جێگەی ئازارە؟

*دواتر*

خێرا وەرە و سەردانم بکە، لەگەڵ مندا، شتێکم بەرێ.

**شەممە ٣٠ی دێسێمبەر، کاتژمێر ٢:٣٠ی شەو**

ئێوە دەرگای مەملەکەتی دۆراستان لەسەر دادراوە.

**چوارشەممە ٣ی ژەنیوەری- ٩٦**

بۆشایی، مەبەستم ئازادییە.

ژنە داخراوەکان هیچ ناگەیەنن (هیچ ناڵێن).
ئەوان چاوەڕێ دەکەن. ژنێکی تەنیا قسە ناکا.

**شەممە ٦ی ژەنیوەری**

دۆستایەتی بەهایەکی زۆری نییە. ئەوەی گرنگە هزرە کە بە شوێنێک ناگات، بە هیچ شتێک ناگات.

*دواتر*

ڕق یارمەتی کەسێک دەدا بەرگە بگرێت.

**٧ی ژەنیوەری**

ئیتر هیچم لە مێشکدا نییە. دەزانم

**٨ی ژەنیوەری**

بێجگە لە سەرهەڵگرتن هیچی ترم لەبەردەم نەماوەتەوە.
نازانم بەرەو کوێ.

ئاگرم کردەوە و هەموو شتێک سپی بوو.

هیچ مانایەک نابینم– ئەمەش وام لێ دەکا تەنیا بم، نەک حوزنبار، نا، تەنیا.



لە تەنیشمەوە پەنجەوانەی ڕەش دەبینم

*دواتر*

ئەو ئەدەبە هەموویان لە کوێوە دێن؟
من حەزم لە کتێبە کراوەکانە.

وەرە بۆ ئەو ژوورە سپییە. وەرە و کراسە نەرم و لووسەکەم لەبەر داکەنە، ئیتر هیچم نییە لەبەر خۆمی بکەم.

ژیانێکی دڵڕفێنم دروست کرد کە تۆ ئاوالای بکەیتەوە. واتای گەرەکە، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆ بڕوای پێ دەبێ.

من هەرگیز کتێبێکم فەرامۆش نەکرد.

بۆ جارێکی تر مرۆ تەنیایە. بەدبەختێکی گوناح. ژنێکی هەژاری گوناح. ئەوە منم ئەو ژنە. گشتی ئەمەیە.

بەجێم مەهێڵە، من دەستە و داوێنی ئێوەم.
لە ناخەوە دەگریم.
بەجێم بێڵە، من مرۆڤێکی ئازادم.

**پێنج شەممە ١٨ی ژەنیوەری**

دەستی من، دەنووسێ.

**١٩ی ژەنیوەری**

ژانێکی تایبەتی.

Yann، پێویستە من تۆ ببەخشم، نازانم لەبەرچی.
من جوانم. ڕاست و ڕەوان بێژم بەڕاستی جوانم.

**٢٥ی ژەنیوەری**

ئەمە کۆتاییە. ئەمە کۆتاییە. ئەمە مەرگە. ئەمە ترسە.
ناخۆشە کە بمری.

هەست دەکەم نەبوونێک لێم نزیک دەبێتەوە: مەرگ. ئەمەش دەمترسێنێت.

چاوێکی خامۆش هەیە.
زۆر دەترسم.
خێرا.



بڕوا ناکەم. وابزانم دەکەومە ناو تاریکییەوە.

هیچ شتێک نییە. هەموو ئەو شتانەی کە مرۆ دەیکات بێهوودەن.
من ناتوانم لەسەر ئەو شتە بنووسم کە دەمپێکێت.
ئێستاش دایکم خۆشدەوێ. بۆ ئەو هیچ شتێکم پێ ناکرێ، ئێستاش ئەوم خۆشدەوێ.

ئێوە هەرگیز شتێک تێناگەن، ئەمە چەشنە لاوازییەکی جەستەییە. کەمێک تێدەگەم.

لادیوێک، خێرا. مرۆ بەم جۆرە دەچێتە پێشەوە. هەروا بەم جۆرەش مرۆ ڕادەوەستێت. خێرا.
Yann، من زۆر تۆم خۆشویست. ئێستا دەبێ واز بێنم.

سەبارەت بەوە ئەمە ئەو خوایە چاکە نییە کە من هەمیشە دەیناسم... لێ مرۆ زۆر کەمی پێویستە.
مرۆ دوای ئەوە تێدەگا.
ڕەنگە هەر پێنج ڕۆژێک؟

**هەینی ٢٦ی ژەنیوەری**

لە ماوەی چەند چرکەیەک هەستم بەبۆنی زەوی کرد.

ئەو ئاسمانە خواوەندە بەجێ بێڵە، دەمترسێنێ ئەوە. تۆ هەندێ جار Yann دەمترسێنیت.

من ماندووم لە تەنیایی. کەسێک پەیدا دەکەم کە بتوانێ لە کارەکە کار بکات.

دەخوازم کتێبێک لەسەر خۆم بنووسم و بیریشی لێ دەکەمەوە.
گشتی ئەمەیە. هەر کامیان بێت لە ڕەش و سپیدا.

ئێوە زۆر تەنکن. من هەمیشە خۆم لە قووڵاییدا بینیوەتەوە.

**٢٩ی ژەنیوەری**

بۆشایی لە بەرانبەر منە.



**سێ شەممە ٣٠ی ژەنیوەری**

ئەوەی کە من بزانم ئەوەیە کە ئیتر من هیچم نییە. ئەمە ترسناکە. تەنیا بۆشایی
ماوەتەوە. بۆشایی شوێن.
دوا بۆشایی شوێن.
مرۆ دووان نییە. هەموو مرۆڤێک تەنیایە.

**٣١ی ژەنیوەری**

لێم گەرێ. ئەمە کۆتاییە. لێم گەڕێ بمرم.
شەرم دەکەم.

**هەینی ٢ی فێبریوەری**

تۆ لە یادتە ئێمە چەند جوان بووین. دوای ئەوە کەسێک وا جوان نەبووە.

**١٥ی فێبریوەری**

لەو ژوورە کۆنەی کە ئێمە لەوێ خۆشەویستیمان کرد.

**١٦ی فێبریوەری**

سەیر ئەوەیە کە من هێشتا تۆم خۆشدەوێ، تەنانەت کاتێک کە تۆشم خۆش ناوێت.

**دووشەممە ١٩ی فێبریوەری**

نازانم ئەو ئازاردانە بەردەوامە چییە: مەرگ. ئەوەی کە چاوەڕێم دەکا: وێنەی من لە ژووری چاوەڕوانی نێژتنە. ئەمە ترسناکە، من ئەوەم ناوێ.

*دواتر*

هەموو ئەو مرۆڤانەی کە ئومێدی مەرگی دۆراسە.

*دواتر*

لە شەرمەزاری بەدەر هیچی تر نییە.
من ئیتر هیچ نیم.
هیچ.
من چیتر نازانم کە چۆن مرۆڤ هەیە.
ئەوەی کە تەواو نەبووە ئەو بەڵگەیە کە



کەسایەتی ئێوە دروستی دەکا.

*دواتر*

ئەوە کتێبە کە ئومێدی مەرگی من دەخوازێت.
ی ئ: نووسەر کێیە؟
م د: من. دۆراس.

**سێ شەممە ٢٠ی فێبریوەری**

Yann، دەبێ من داوای لێبووردن لە ئێوە بکەم، لێبووردن لە هەموو شتێک.

**٢٦ی فێبریوەری**

دەزانم کە ئێوە دەتوانن زۆر بەهێزبن.
من بەرەو پلانێکی تر سەر هەڵدەگرم.

**٢٨ی فێبریوەری**

ئەمە کۆتاییە.
هەموو شتێک کۆتایی هات.
ئەمە ترسناکە.

**٢٩ی فێبریوەری، ١٣:٠٠**

من ئێوەم خۆشدەوێ.
ماڵئاوا.

# پاشەکی

مارگەرێتە دۆراس لە ٣ی مارسی ١٩٩٦دا کۆچی دوایی کرد. سێ ڕۆژ بەر لە مردنی دوا کتێبی، "گشتی ئەمەیە"، کە یاداشتنامە و گفتوگۆیەکی نێوان دۆراس و ییان نەندرێە شتاینەرە، تەواو کرد. ییان ئەندرێە، ئەو کوڕە لاوە هۆمۆسێکسواله خوێندکارەی فەلسەفە و فرە دڵڕفێنەکەی دۆراس، کە دۆراس لە سەرەتای هەشتایەکان پێیگەیشت و وەک فریادرەسێک چەندان ڕۆڵی وەک: خۆشەویست، هاوڕێی گوفتوگۆیەکان، خەمخۆری نەخۆشی و جێگر، بینی. بەڵام کەسە سەرەکییەکانی ئەم لاواندنەوە سەردوولکە شیعرییە شەحنکراوە خودی نووسەر و نووسینەکەیە، بوون بەجووتێک، کە لە پێشمەرجدا تەواو هاوهۆگری یەکترن و پێکەوەش یەکتر دەکەنە مۆمێک کە لە دواجاریش پێکەوە دەسووتێن.

دۆراس دەنووسێ: "کتێبە ونەکە" و هەمان کتێبیش حەز بەمردنی ئەو دەکا.



کاتێک لە فەرەنسادا "گشتی ئەمەیە" بڵاوکرایەوە مشتومڕێکی زۆری دروست کرد.

هەندێک ڕەخنەگر پێیان وابوو کە ئەم کتێبە نمایشێکی دانسقەو بێ وێنەی بەرەی مەرگی نووسەرە، دەربڕینێکی قێزەونی نووسەرە کە لەگەڵ ساڵەکاندا زیاتر و زیاتر هەتا نێرسیزم گەشە دەستێنێ. وێڕای ئەمەش چاپخانەکە دوا یادداشتەکانی ئەو نیو ساڵەی بڵاوکردەوە.

(لە چاپی یەکەمی فەرەنسییەکەدا یادداشتنامەکان هەتا ١ی ئاگۆستێی ١٩٩٥ی بەخۆیەوە دەگرێت. لە ١٩٩٦دا چاپخانەیەکی ئیتالی بەدوو زمان تەواوی دەقەکەی بڵاوکردەوە.

لە ١٩٩٩دا کۆی چاپە فەرەنسییەکە "Dêfinitiv Editio" بڵاوکرایەوە.)

کاکڵە و جوانی ئەم دەقە ئەوە نیشان دەدا کە نووسەر هێشتا خاوەن زرنگییەکی بێ ڕادەیە لە بەکارهێنانی وشەدا.

"گشتی ئەمەیە" شەڕگەیەکی ڕاساوە بەدژی عەدەمییەتی مەرگ و نائامادەیی خوادا، وەلێ هاوکاتیش لێرەدا ئەو بابەتانە ئامادەبوونیان هەیە کە دۆراس لە دوا کتێبەکانیدا بێ وچان بۆیان دەگەڕێتەوە. دۆراس لەم کتێبەدا زۆر بێ پەردە بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە: منداڵییەتی لە ئیندۆکیای فەرەنسی و خۆشەویستییە

حوزنبارەکەی بۆ دایکی: "من ئێستاش دایکم خۆشدەوێ. هیچ شتێکم لە بەرانبەری پێ ناکرێت، ئێستاش خۆشم دەوێ."

لێ بەر لە هەموو شتێک ئەمە کتێبێکە بۆ ئەوەی بنووسی. ئەمەش بۆ دۆراس ژیانێکی ترە: "مێژووی ژیانم بوونی نییە. نووسینەکانم بۆ ئەوە نییە تاکوو مێژووی خۆم بگێڕمەوە. نووسین ئەو ژیانەی کە لە مندا ماوەتەوە، بردوویەتی، لە خەڵکانی کەم کردوومەتەوە و ئیتر منیش نازانم کە ئەمە ئەوەیە کە من لەسەر ژیانی خۆمدا نووسیومە یان بەڕاستی ئەوەم بەتاقی کردۆتەوە، کە ڕاستییە. ئەڤیندارەکەم، ئەو ڕۆمانەی کە دۆراسی کردە ناودارێکی جیهانی، وەک ژیاننامەی ئەو سەیر دەکرێ، بەڵام هاوکاتیش ئەو ڕۆمانە لەسەر خودی سینۆگرافییە کە بێ قەید و شەرت لە ژیانی خۆیدا هەڵقوڵاوە، کەچی بەمانای وشە تەنیا ژیاننامەیە: نووسینێکی زیندووە. بۆ ئەوەی ئەمە بسەپێنین دۆراس دواتر نوسخەیەکی نوێی لەم کتێبە نووسی بەناوی: ئەڤیندارەکەم لە باکووری چین.

جیهانبینی دۆراس بۆ نووسین وەهم نییە: "مرۆ لە هەموو ژیانیدا بنووسێت، خۆی فێری نووسین دەکات. نووسین کەس لە شتێک ڕزگار ناکات." ئەو بێ وەهمییە بۆ هەموو چالاکییە



مرۆڤایەتییەکان ڕاستە: "هەر هەمووی مردەنی و هەوڵدانە بۆ ڕاوکردنی با".

دۆراس کۆپلەیەکی درێژی لە ئایەت لەبەر بوو، ئەوەش تاکە ئایەت بوو کە ئەو لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا خوێندبوویەوە.

دۆراس لەو دە ساڵەی دواییدا ڕاهاتبوو کە بەزمانی کەسی سێیەم لەسەر خودی خۆی بپەیڤی. ڕەنگە تووڕەیی بێ، لێ ئەوە تەنیا دەربڕینێک نەبوو لە نێرسیسیزم/ نێرگزییەت. خۆکردنە ئەفسانە تاکە شێوازێک بوو کە ناوداری مەیسەر بکات.

وەلێ هاوکاتیش ئەمە لەگەڵ هێڵی ئەو ڕاستییە یەکی دەگرێتەوە کە دۆراسی Pulune nom de، کە دۆراس لە سەرەتای چلەکاندا بەو نازناوە هاتە ناو بواری نووسینەوە، کە نازناوی کچێنی خۆی بوو، پاشان لە بری ئەو ناوە، Donnadieu کرد بە نازناوی خۆی.

(هەر لە سەرەتاوە سەنگی خۆی دەزانی. یان ڕەنگە بەپێچەوانەوە: دەربڕینێکە بۆ نادڵنیایی.) لەم گۆشەنیگایەوە مرۆ دەتوانێ بەدڵنیاییەوە وا مەزەندە بکات کە ئەمە ئەو "دۆراس"ەیە، وەک وێنەیەکی تر لە کەسایەتی نووسەر– لە تەک وێنەکانی ڕۆمانی ئێمحلی. ل، لول ڤ ستاین ئاورێلیە شتاینەر هەتا دوایی، لە "گشتی ئەمەیە"

قسه دەکا.

هاوکاتیش بەهەمان شێوە لەم کتێبەدا (ییان) ئامادەیی هەیە. دۆراس کە لەگەڵ (ییان) یەکتریان ناسی خۆشی نازناوی (ییان)ی لێ نا، بۆ ئەوەی بیخاتە ناو گەردوونی نووسینەکانی خۆیەوە.

نێرسیسیزم/ نێرگزییەت هەندێک جار لەناو هەستە خۆ بەمەزن زانینەکان. پەرانۆیادا دەخلیسکێ، وەلێ هاوکاتیش مرۆ گاڵتە بەخۆکردنێکی ڕاشکاو دەبینێتەوە: "من لە ئاییندەدا هیچم ناوێ. تەنیا جارێکی تر لەسەر خۆم نەبێ، بەردەوام، وەک مانێفێستێکی یەک شێوەیی".

کاتێک لە یەک ساتدا نووسەر و نووسین کۆتاییان دێت، لەگەڵ کاغەزێکی سپی دەبنە یەک، سێ ڕۆژ ماوە کە دۆراس لە پێناو مرۆڤدا بژی. سەخت نییە کە ئەو سێ ڕۆژە وێنا بکەین کە سەختترین ژیانی ئەو چی بوو.

Kennet Klemets

پەراوێز: دێڕی (مێژووی ژیانی من...) لە ژیاننامەی مارگەرێتە دۆراس کە Editions لاورا ئالێدرس نووسیویەتی وەرگرتووە،

Gallimard، ۱۹۹۸ لاپەڕە. ۵۱۸.